**بەش....مێژوو**..........................

کۆلێژ......**ئاداب**........................

زانکۆ .....**سەلاحەدین/ هەولێر**........................

بابەت ..... ( **کوردناسی** ) ......**....................**

**پەرتووکی کۆرس – بۆ (ساڵی ١، ٢، ٣ یان ٤ لقی کورد)**

**ناوی مامۆستا : د. دلزار صالح صادق**

بەکالۆریۆس     دبلوم ، ماستەر، دکتوراه

**ساڵی خوێندن: (٢٠٢٣ – ٢٠٢٤)**

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| ١. ناوی کۆرس | کۆرسی یەکەم |
| --- | --- |
| ٢. ناوی مامۆستای بەر پرس | د. دلزار صالح صادق |
| ٣. بەش/ کۆلێژ | ئاداب / بەشی مێژوو |
| ٤. پەیوەندی | ئیمەیل: dlzar.sadiq@su.edu.krd |
| ٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | بۆ نموونە تیۆری: ٣ کاتژمێر<br>پراکتیک: |
| ٦. ژمارەی کارکردن | ئامادەبوونی مامۆستای وانەبێژ بۆ قوتابیان لە ماوەی هەفتەیەکدا<br>لەهەفتەیەك ( ٣ ) کاتژمێر |
| ٧. کۆدی کۆرس | |
| ٨. پرۆفایەلی مامۆستا | لێرە مامۆستای وانەبێژ پرۆفایەلێک دەنووسێت لەسەر ژیانی ئەکادیمی خۆی (تەنها ئەکادیمی) یان ئاماژە بە Webpage, Blog, Moodle دەکات<br><br>ژیانی ئەکادیمیم لە زانکۆی سەلاحەدین / هەولێر وەکو ماموستای یاریدەدەر لە بەشی مێژوو لە ساڵی ( ٢٠١٧ – ٢٠١٨ ) دەستپێدەکات ،لەو کاتەدا تاوەکو ئێستا بابەتەکانی ( کوردستان لەسەدەکانی ( ١٦ – ١٨ ) دەقی مێژوویی بەزمانی ئینگلیزی و کوردناسی)م لە قۆناغەکانی سێیەم و چوارەم گوتوتەوە، جگە لەبەشداری کردنم لەسمینناری بەش و سمیناری کۆلێژ و زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر ،(یەك تویژینەوەی زانستی ) و زیاتر لە شەش ڕاپۆرت ( مەقالە )م لە گۆڤارو ڕۆژنامە ناوخۆیی و جیهانییەکان لەبارەی مێژووی کورد بڵاوکردۆتەوە، سەرپەرشتی و تاوتوێ ی تویژینەوەی قۆناغی چوارەمم کردووە . ئێستاش نازناوی زانستیم ( مامۆستا/ دکتۆر ) یە. |
| ٩. وشە سەرەکیەکان | کوردناسی، گەڕیدە، کوردستان، کورد |

**١٠. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**
**لێرە مامۆستای وانەبێژ باس لە کۆرسەکە دەکات بە شێوەیەکی گشتی کە پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە بگرتەوە:**
**گرنگی خوێندنی کۆرسەکە (بابەتەکە) : کۆنەکان و تیۆرەکانی .**

- ئەو بابەتە هاوكاريمان دەكات لە بينينى زۆربەى وردەكاريەكانى نێو كۆمەڵگاى كوردى, لە رێگاى كارى گەشتياروگەريدەو كوردناسانەوەئاشناى ئەوەدەبين كە چۆنيان لە باپيرانمان روانيوەوچيبيان لە بارەوە نووسيون ( ئەرينىو نەرينى)، ئێمە زۆر لە نهێنى مێژوو و شارستانيەتى كورديمان بۆ ئاشكرا بووە, بەتايبەت كە كولتورى كوردى لە بنەڕەتدا زياتر كولتورێكى زارەكى و نەنوسراوەيە, نوسينى رۆژئاواييەكان دەتوانێ بۆشايىوكەمايەتيەكانى نێو ئەو مێژووەمان بۆ پڕ بكاتەوە.هەرچەندە دەبێ لەوەش دڵنيابينو بزانين كە هەموو سرنجو بريارەكانويادداشتەكانيان ڕاستو بێلايەنانە نييە.گۆشەنيگا وتێڕوانينى بە سوكىودواكەوتويى سەيركردنى رۆژهەلات.. ئەوەش تەنيا ئيمەى كورد ناگريتەوە بەڵكو نەتەوەكانى تريش لە رۆژهەلات كەوتونەتە بەرتوانجو بريارە وشكو رەقەكانيان......

- ئاشكراكردنى تێڕوانينى رۆژئاوايە بۆ كورد و چۆنيەتى بيركردنەوەى رۆژئاوا خەسڵەت و تيبەتمەنديەكانى ئەو ميللەتە.

- هاوكارمان دەبێت لە تێگەيشتن لە خودى رۆژئاوا و ئەو شێوازەى پەيڕەوى دەكات لەبينينى شارستانيەت و گروپەكانى دەرەوەى خۆى.

- رەنگە بە لێكۆڵينەوە و خوێندنى ئەو بابەتە بتوانين بزانين تا چەندە بيركرنەوە و بيرى رۆژئاوا دروستە و تا چەند كوردناسان توانيويانە بێلايەنانە لە بابەتەكانى پەيوەست بە بە كورد زانين بەرهەم بهێنن يان بە پێچەوانەوە ئەوبيركردنەوەيە ناتەندروستە و لاگيرانە و بە مەبەست كاردەكات.هەندێك بوختان ياناوزراندنى نابەجێدراونەتەپاڵ كورد...

- هەلسەنگاندنێك بۆتێبينىوسەرنجەكانى رۆژهەلاتناس و كوردناس و گەريدەكان.

هەروەها كۆرسى بابەتەكە پێكهاتووە لەمانەى خوارەوە:

**تەوەرى يەكەم : كورد ناسى و سەرەتاى سەرهەڵدانى**

- پێناسەی کوردناسی
- سەرهەڵدانی کوردناسی و جیاوازی نێوان کوردناسی و مێژوونوسی.
- هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کوردناسی:

أ- هۆکاری سیاسی
ب- هۆکاری ئابووری
ت- هۆکاری ئاینی
پ- هۆکاری خولیای هونەرو ڕۆمانسیەت
ج- هۆکاری زانستی

## - تەوەری دووەم: مێژووی سەرهەڵدانی لە کۆنەوە (بەر لەزایین)

- زەینەفۆن.
- هیرۆدۆت.
- سترابۆ – سترابۆن.
- پلۆتارک – پلۆتارخ.
- وێنەی کورد لەسەدەکانی ناوەڕاست.

## - تەوەری سێیەم: قوتابخانەکانی کوردناسی لە ئەووروپا

### - کوردناسی ئیتاڵی: –

أ- مارکۆ پۆلۆ.
ب- پێترۆ دیٚ لا ڤالیٚ.
ت- ماوریۆ گارزۆنی.
ث- میریلا گالیتی.

### - کوردناسی ئەڵمانی: –

أ- گەشتنامەو سەرهەڵدانی کوردناسی لای ئەڵمانەکان.
ب- یۆهان شێلتبێرگەرو کورد.
ت- کارستن نیپور.
پ- کارال مای.
ج- ئوسکارمان.
ح- مارتین هارتمان .
خ- گۆتفرید یۆهانس میوللەر.

### - کوردناسی ڕوسی: –

أ- هۆکاری سەرهەڵدانی کوردناسی لای ڕوسەکان

ب- کوردناسی لەسەردەمی ڕوسیای قەیسەری.

(ئەلیکاندەر ژابا – پیوتەر لێرخ – مینۆرسکی – کوردۆ)

ت- کوردناسی لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧.

پ- کوردناسی لە دەیەی شەستی سەدەی بیستەم

**- ڕۆڵی فەرەنسا لەبواری کوردناسیدا**

- دیارترین گەریدە فەرەنسیانەی کە هاتوونەتە کوردستان.
- دامەزراوە کوردناسیەکان لەفەرەنسا.

**- کوردناسی لای بەریتانیەکان:–**

أ- کلۆدییۆس جیمس ریچ:
ب- گۆدفری ڕۆلیس درایڤەر.
ت- میجر نۆئیلّ
پ- مێجەرسۆن:ئی.بی. سۆن.
ج- مارتن ڤان برۆنسن.

**- کوردناسی لای موسڵمانەکان:–**

أ- کوردناسی لای عەرەبەکان.
ب- کوردناسی لای فارسەکان.
ت- کوردناسی لای تورکەکان.

**- تەوەری چوارەم : ڕۆڵی کوردناسی لە ناساندنی مێژوو و کولتوری کورد:–**

**١–خالە ئەرێنییەکانی کوردناسی**

٢– خالە نەرێنییەکانی کوردناسی

**١١. ئامانجەکانی کۆرس:**

**لە راستیدا** بابەتی کورد ناسی لە سالانی دوایی گرنگیو بایەخێکی زۆری پێدراوەو ئیستا لە زۆر بەی زانکۆکانی کوردستان وەکو بابەتێکی سەربەخۆدەخویندریتو دەگۆترێتەوە، کە جاران بایەخی فەرمی نەبوو تەنیا هەندیك زاناو رۆناکبیری کورد پیوە سەر قال بوونو بابەتی رۆژهەلاتناسەکانیان لە بارەی کورد وەر دەگیرا، کە ئیستا ئیمە سودی لیوەردەگرینوهەرچەند ڤەکۆلێن لەبارەی مێژوومان درەنگ دەستی پێکردووەوبەشی زیاتریش پشت بە کاری زانستی رۆژهەلاتناسو کورد ناسانە کە زۆربەیان ئەورۆپییەکانن وەکو گەشتیارو گەریدە هاتونەتە ولاتی ئیمەوزانیاری راستو ناراستیان لە بارە نوسیوین هەرچەند رەنگە لەگەڵ هەموو بۆچونەکانیشیاندا نەبینو پەسندمان نەبن بەلام ئەوەی راستی بێ هەندێکیان زانیاری زۆر سودمەندو بە کەلکێان لە بارەی مێژووی کوردورابردویو ئەدەبیاتی فەرامۆش کراومان نوسیوە، کە

**زانایانی خۆمان بەلای دا راستە کە زۆر زاناو نەچوونە.........**

**بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی بەشیکی زۆر لە میژوو نووسانی عارەبو تورکو فارس-عەجەم حەقیقەتی رەچەلەك ناسیی کوردی ئالۆز کردووەو نەیان هیشتوە بە دروستی ئاشکرا بکریتوپرۆپاگندەی بی بتەماو بناغەیان لە بارەوە گوتوە... میژووئەوکات ون دەبێ کە سەرچاوەکان بیدەنگ دەبن.......**

**دیارە نەتەوەمی کورد بە هۆکاری زۆرەوە کەوتۆتە بەر دیدی گەریدەو گەشتیارە بیانییەکان بە شیوەیەکی گشتی رۆژهەلاتناسان بە تایبەتی تویژینەوەی زانستیو کاری یەکجار زۆریان لە سەر زۆر لایەنی ئەو نەتەوەیە کردووە هەرچەند ئەوان کاریان لە سەر هەموو نەتەوەکانی رۆژهەلاتی کردووە،کورد لیرەدا هەندیك خەسلەتو تایبەتمەندی تری ناوچەکەی بووە هەر لەبەر ئەوەش پتر کەوتووتە بەر چاویان وستویانە ئەوە نەتەوەیە بناسن چەند وتارو نامیلکەیان لەو بارەوە نووسیون کە رەنگە بەشی زۆری لەلایەن خاوەن خامەو روناکبیرانی کوردەوە بۆ سەر زمانی کوردی تەرجەمە کراون هەوەکانیش بەردەوامن بۆ وەدەست خستنی هەر بەلگە نامەیەك باسی لە کورد کردبێ ئیمە نابی تەنیا بەدوای ئەو بەلگە نامانە بین کە بە شانو بالی کوردیان دا هەلگوتووە...... بەلکو بویرانە ئەو بەلگەو نامیلکانەی دژمان نوسراون کاریان لە سەر بکەین و هەر بە هینانەوەی راو بۆچونی خۆیان وەلامیان بدەینەوە لە هەمان کاتیش سورد لەو تەجاربو ئەزمونە وەربگرین کە بەراستی بە زۆر هوکار توشی بووینە**

ئەمە لە ١٠٠ وشە کەمتر نەبێت

ئەرکەکانی قوتابی :

**١ -دەبێ قوتابی ئامادەبێ و پابەندی دەوامی بێت**

**٢ -دەبێ قوتابیان دەست بکات بەخوێندنەوەی ئەو سەرچاوانەی کە مامۆستا پێی داوە دەربارەی وانەکە**

**٣ -دەبێ قوتابی هەموو وانەیەك بەشداری بکات لەوانەکە وگفتوگۆ بکات لەسەر بابەتی وانەکە**

**٤ -دەبێ تا کۆتایی سالْ هەموو قوتابییەك رِا پۆرتێك ئامادە بکات دەربارەی بابەتەکە**

**٥ - پێویستە قوتابی سمینار لەسەر بابەتەکە بکات**

**١٣. رێگەی وانە ووتنەوە**

لێرە مامۆستا رێگەی وانە ووتنەوە دەنووسێت، بۆ نموونە: داتاشۆ و پاوەرپۆینت، سەر تەختەڕەش، تەختەی سپی، سمارتبۆرد یان مەلزەمە... هتد.

**١ - بەکارهێنانی داتاشۆ و پاوەرپۆینت وڤیدیۆ**

**٢ -بەکارهێنانی تەختە سپی**

**٣ -بەکارهێنان و پیشان دانی نەخشەو وێنانەی کە لەلایەن گەڕیدەو کوردناسەکان لەبارەی گۆمەڵگەی کوردی کێشاویانە.**

**٤ -بەشداری پێکردنی قوتابیان لەوانەکان.**

**١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

لێرە مامۆستا جۆری هەڵسەنگاندن (تاقیکردنەوەکان یان ئەزموونەکان) دەنووسێت بۆ نموونە تاقیکردنەوەی مانگانە، کویزەکان، بیرکردنەوەی رەخنەگرانە (پریزەنتەیشن)، راپۆرت نووسین، ووتار نووسین یان ئامادەنەبوونی خوێندکار لە پۆلدا...هتد. ئامانە چەند نمرەی لەسەردەبێت و مامۆستا چۆن نمرەکان دابەشدەکات؟

**١ - تاقی کردنەوەی قوتابیان ( ٣ ) مانگانە هەریەکێك ١٠ نمرە )**

**٢ -تاقی کردنەوەی کویز وسمینارو بەشدار بوون ( ١٠ نمرە )**

**١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

پڕکردنەوەی ئەم خانەیە زۆر گرنگە، مامۆستا دەرئەنجامەکانی فێربوون دەنووسێت. بۆ نموونە: ڕوونی ئامانجە سەرەکیەکانی کۆرسەکە (بابەتەکە) بۆ خوێندکار
گونجاندنی ناوەڕۆکی کۆرسەکە بە پێویستی دەرەوە و بازاڕی کار
قوتابی چی نوێ فێردەبێت لە ڕێگەی پێدانی ئەم کۆرسەوە؟

**ئاما نجە سەرەکییەکانی بابەتەکە لە پلانی خوێندنی ساڵانە خراواتە ڕوو تاوەکو زۆرترین زانیاری بدرێتە قوتابی، هەروەها خاڵە گرنگەکانی بابەتەکە ڕوون بێت بۆ قوتابیان و بتوانن شرۆڤەی بکەن و تاوتوێ ی ڕووداوە مێژوویەکان بکەن ئەمەش تونای زانستی قوتابیان زیاد دەکات و دەتوانن توێژینەوەی زانستی ئە نجام بدەن .**

**بەشێوەیەکی گشتی هەوڵ دەدەین کە قوتابیان ئاشنا بکەین بە :- ( مێژوو و داب و نەریتی ( سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ) کوردو کوردستان لەڕوانگەی ڕۆژئاواییەکان )**

- **هاوکاری قوتابی دەبێ لە دروستکردنی تێڕوانینێکی گشتگیر لە خوێندنەوەی دیاردە مێژووییەکان, لە ڕێگەی ئاشنا بوون بە بۆچوونی جیاواز لەسەر ڕووداوو یاخود دیاردەیەکی دیاری کراوی مێژوویی و تێگەیشتن لە چۆنیەتی بیرکردنەوەی کولتورە جیاجیاکان لە یەکتر.**
- **سودی دەبێ لە فێربوونی چۆنیەتی جیاکردنەوەی ڕاستی و ناڕاستی مێژوویی, لەڕێگەی تێگەیشتن لەو بڕیارە پێشینانەی کاریگەریان بەسەر بیرکردنەوەی نوسەران هەیە لە باسکردنی ڕاستی ڕووداوەکان و شارەزابوون لە پرۆسەی وێناکردن و چۆنیەتی گەڵاڵبوونی بیروبۆچوون لەسەر کۆمەڵگایەکی دیاری کراوی وەك کۆمەڵگای کوردی.**
- **ڕۆژئاواییەکان بە پشت بەستن بە ڕێبازی دیاریکراوی لێکۆڵینەوە لە کوردیان کۆڵیوەتەوە,بێگومان ڕێبازی لێکۆڵینەوەی ڕۆژئاواییش پێشکەوتنی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە. بۆیە خوێندنی کارەکانیان هاوکارمان دەبێت لە ئاشنا بوون بەو ڕێبازانە و بەکارهێنانیان لە توێژینەوەکا نمان و شارەزا بوون لە دەرچوون لەو ناوەندە کۆمەڵایەتی و رەگەزیەی کاریگەری بەسەر بڕیار و بیرکردنەوەمان هەیە, بۆ ئەوەی بتوانین بابەتیان بیر بکەینەوە و نەکەوینە ژێر کاریگەری ئینتیماکا نما لە کاری زانستیدا.**

**١٦. لیستی سەرچاوە**

**سەرچاوە بنەڕەتیەکان** و سود بەخشەکان


- **فەرهاد پیربال: کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە, هەولێر, ٢٠٠٦.**
- **جە مال نەبەز،ئەورەحمان حاجی مارف،مسعود محمد. : بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئەورووپا, بەغداد, ١٩٧٤.**
- **بەدرخان سندی: کۆمەڵگای کوردەواری لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسیدا.**
- **گۆڤاری کۆری زانیاری کورد ژمارەکانی سەرەتایی وسالانی پێشو**
- **تۆمابوا، کورد.**
- **هنری بندیه، رحله الی کوردستان وبلاد مابین النهرین.**
- **محمود بایزیدی، الاکراد عاداتهم وتقالیدهم.**
- **سایتە ئەلیکترۆنیەکانی تایبەت بەکوردناسی :-**

http://www.pertwk.com

http://www.kurdology.com

http://www.mukiryani.com

http://www.serdam.org

http://www.havibun.net

https://www.kurdipedia.org

| | |
|---|---|
| | **ناوی مامۆستای وانەبێژ** |
| لێرە مامۆستای وانەبێژ ناونیشانی هەموو ئەو بابەتانە دەنووسێت کە بەنیازە بیڵێتەوە لە تێرمەکە. هەروەها کورتەیەک لە ئامانجی هەر یەک لە بابەتەکان وبەروار وکاتی وانەکە دەنووسێت. هەر تێرمێک لە ١٦ هەفتە کەمتر نەبێت. | ناوی مامۆستا<br>وەک: ٣ کاتژمێر<br>٢٠٢٣/١٠/٤ |
| ١٨. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | |
| | |

١٩. تاقیکردنەوەکان

١. دارشتن: لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە پرسیارەکان زۆربەی بە وشەی وەک روون بکەوە چۆن...؟ هۆکارەکان چی بوون...؟ بۆچی...؟ چۆن...؟ دەستپێدەکات.
لەگەڵ وەڵامی نموونەییان
نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت

٢. راست وچەوت: لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە رستەیەکی کورت دەربارەی بابەتێک دەستەبەردەکرێت وپاشان قوتابی بە راست یان چەوت دادەنێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.
٣. بژاردەی زۆر: لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە ژمارەیەک دەستەواژە دەستەبەردەکرێت لە ژێر رستەیەک وپاشان قوتابیان دەستەواژەی راست هەڵدەبژێرێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت

**نموونەی پرسیارەکان :**

**پ١/ تەنیا سێ لەمانەی خوارەوە پێناسە بکە :-** ( ١٥ **نمرە** )

١-شوێنەواره دێرینەکانی کوردستان لەدیدی تۆماس تۆمابوا. ٢- خولیای هونەرو ڕۆمانسیەت. ٣- مەلا مەحمود بایەزیدی.٤- ئەبو حەنیفەی دەینەوەری.

**پ٢/ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وشەی دروست پڕ بکەوە :-** ( ١٥ **نمرە** )

١- کوردناسی ڕوسی مینۆرسکی لەساڵی ـــــ کتێبێکی لەبارەی کورد بەناوی ـــــ نوسیوەو لەشاری ـــــ لەچاپ دراوە؟ ( ٣ **نمرە** )

٢- حەمزەی ئەسفەهانی لە کتێبی ـــــ، دەڵێ بە دەیلەمیەکانیان دەگووت ـــــ و بە عەرەبیشیان دەگووت ـــــ؟ ( ٣ **نمرە** )

٣- عبدالله جەودەت یەکەم کوردە لەساڵی ـــــ وشەی کوردناسی بەشێوەی ـــــ بەکارهێناوە لە گۆڤاری ـــــ؟ ( ٣ **نمرە** )

٤- مێژوو نوس هیرۆدۆتس لەسەدەی ـــــ دا ـــــ و ـــــ بەیەك نەتەوە داناوە؟ ( ٣ **نمرە** )

٥- گەڕیدەی بەریتانی کلۆدیۆس ڕیچ لەڕێکەوتی ـــــ دەگاتە شاری سلێمانی لەلایەن ـــــ میری بابان پێشوازی لێدەکرێت و پاشان سەردانی میرنشینی ئەردەلان دەکات و لە کۆشکی ـــــ پێشوازی لێدەکرێت؟ ( ٣ **نمرە** )

**پ٣/ وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەوە :-** ( ١٥ **نمرە** )

**لقی أ/ هەڵەی ئەم دەستەواژانەی خوارەوە ڕاست بکەوە.** ( ٥ **نمرە** )

١ – گەڕیدەی فەرەنسی تاڤێرنیێ نۆ جار ئیرانی بینیوە لەسەفەرەکانی سێیەم و چوارەمدا بە کوردستان تێپەڕیوە؟ ( ١ نمرە)

٢- مێجەر نۆئێلی ئینگلیزی لەیاداشتەکانیدا دەڵێت لەساڵی ١٩١٩ خەڵکێکی زۆر لەشەقامەکانی شاری سلێمانی مردبوون؟( ١ نمرە)

٣- کوردناسی ڕوسی دیتێل لەساڵی ١٨٤٢ یاداشتەکانی لەبارەی کوردستان بەناوی ڕەشە خاکی کوردستان بڵاوکردۆتەوە؟ ( ١ نمرە)

٤- کتێبەکەی کارڵ مای بەناوی بەناو کوردستانی گڕگرتوودا بووە هۆی ناسینی کورد لەلایەن ئەوروپیەکانەوە؟ ( ١ نمرە)

٥- مێژژنوسی یۆنانی کۆن سترابۆ لە بەشی سێیەمی کتابەکەیدا ناوی کوردی بە (کاردۆخ – کاردۆك) هێناوە. ( ١ نمرە)

**لقی ب// گرنگیەکانی گەشتی گەریدەی ئەڵمانی کارستن نیبۆر بۆ کوردستان چییە بیانژمێرە؟** ( ١٠ **نمرە** )

**پ٤/ هۆکاری هەر یەکێك لەم پرسیارانەی خوارەوە دیاری بکە :-** ( ١٥ **نمرە** )

- فارس بوونی کورد لە کەلتوری فارسیدا گرنگی زۆری پێدراوە لەکاتی ململانێیان لەگەڵ عەرەبەکاندا؟ ( ٣ **نمرە** )
- درایڤەر دەڵێ مارك سایکسی ئینگلیزی هەوڵیداوە کوردەکان لە ئیحسان عەلی پاشا دوور بخاتەوە؟ ( ٣ **نمرە** )
- مێژوونوسی ئیرانی ڕەشید یاسەمی پێی وایە لە کۆنەوە تا ئیستا ناوی کورد بەمانای ڕەگەزێکی تایبەت نەبووە لەلای ئیرانییەکانەوە؟ ( ٣ **نمرە** )
- هەندێك مێژوو نوسی عەرەبی وەکوو (موقریزی و مەسعودی) ڕەچەڵەکی کوردیان گەراندۆتەوە بۆ جنۆکە؟ ( ٣ **نمرە** )
- کوردناسی ڕوسی مینۆرسکی پێی وایە زمانی کوردی بەشێکە لەزمانە ئیرانیەکان بەڵام لەهەمان کاتدا پێ وایە بەشێك نیە لەزمانی فارسی؟ ( ٣ **نمرە** )

| |
|---|
| **. تێبینی تر**<br>لێره‌ ماموٚستای وانه‌بێژ ده‌توانێت تێبین وکوٚمه‌نتی خوٚی بنوسێت بوٚ ده‌وڵه‌مه‌ندکردنی په‌رتووکه‌که‌ی. |
| **٢١. پێداچوونه‌وه‌ی هاوه‌ڵ**<br>ئه‌م کوٚرسبووکه‌ ده‌بێت له‌لایه‌ن هاوه‌ڵێکی ئه‌کادیمیه‌وه‌ سه‌یر بکرێت و ناوه‌ڕوٚکی بابه‌ته‌کانی کوٚرسه‌که‌ په‌سه‌ند بکات و جه‌ند ووشه‌یه‌ک بنووسێت له‌سه‌ر شیاوی ناوه‌ڕوٚکی کوٚرسه‌که‌ و واژووی له‌سه‌ر بکات.<br>هاوه‌ڵ ئه‌و که‌سه‌یه‌ که‌ زانیاری هه‌بێت له‌سه‌ر کوٚرسه‌که‌ و ده‌بیت پله‌ی زانستی له‌ ماموٚستا که‌متر نه‌بێت. |